**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان : ١١**
**ڕۆژی دەرهێنان : ٢٠٠٠/٤/١٩**

**" بڕیار "**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی برگە(٣)ی مادده(٢) لەیاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو لەسەر ئەوبنەمایەی کە ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/١٩ یدا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا ٠

**یاسای ژمارە( ٣ ) ی ساڵی( ٢٠٠٠ )**
**یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە( ١ )ی ساڵی ١٩٩٩ ی**
**سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان**

**ماددەی یەکەم :**

ماددەی دوازدەمینی یاساکە هەموار بکرێ، بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە :

١) دەستەی گشتی لەهەموو ئەندامانی سەندیکا ، یابریکارەکان ، کەبەپێی ئەم یاسایە ئیلتیزاماتی خۆیان بەجێ هێناوە، پێکدێت ٠ ئەم دەستە گشتیەش بە باڵاترین دەسەڵاتی سەندیکاکە دادەنرێ و، هەر(٣) ساڵیش ، جارێ لە مانگی کانوونی دووەمدا ، کۆبوونەوەی گشتیی ئاسایی خۆی لە بارەگای سەندیکاکە، بە بڕیارێکی ئەنجوومەن و لەسەر داواکردنی سەرۆکی سەندیکا (نەقیب) دەگێرێ ، لەوکۆبوونەوەیەدا سەرۆکی سەندیکا(نەقیب) و هەشت ئەندام و دووئەندامی یەدەگیش بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەن و ئەندامانی لیژنەی (ئینزیبات) هەڵدەبژێرێ و ، (نیصاب) یش بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامە ناو تۆمار کراوەکان، یان بریکارەکان دێتە جێ و، ئەگەر نەشهاتە جێ ، ئەوا ، لەوبارەدا ، دوای تێپەڕبوونی پازدە ڕۆژ بەسەر کۆبوونەوەی یەکەمدا هەڵبژاردن لە هەمان کات و جێگەدا ئەنجام دەدرێ و (نیصاب) یش بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامان ، یابریکارەکان ، دێتەجێ وئەگەر نەشهاتە جێ ، ئەوا ، ئەنجوومەنی پێشتر ، بۆ خولێکی دیکەش بەردەوام دەبێ٠

٢) ئەگـەر هـات و ، ژمـارەی ئەنـدامانی سـەندیکا لـە(٥٠٠)ئەنـدام زیـاتربوو ، ئـەوا ، هەڵبژاردنەکـە لەڕێگـەی بریکارەکانـەوە ئـەنجام دەدرێ و ، ڕێـژەی نوانـدنیش لەلایـەن ئەنجومـــەن ، یـــا ئـــەوەی فرمـــانی هەڵدەســـوڕێنێ ، بەئەنـــدامانی ئەنجوومـــەنی سەندیکاکەشەوە ، دیاری دەکرێ٠

**ماددەی دووەم :**

وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار٠

**ماددەی سێیەم :**

ئـەم یاسـایە لـە ڕۆژی بڕیـار لەسـەردانییەوە دەخرێتـە کـارو لـە ڕۆژنامـەی ڕەسمیـدا بڵاودەکرێتەوە٠

**د.ڕۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**